# وتاری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەربارەی "بەهێزکردنی رۆڵی ئافرەت لە بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتەوایی و لێپرسینەوە لە عیراق "

## هەولێر، ٢٧ی کانونی دووەمی ٢٠١١

ئامادەبووانی بەڕێز،

زۆر هۆکار هەن کە دەبنە مایەی پیرۆزباییکردنی سەرکردە عیراقییەکان لەسەر بەدیهێنانی ئەم دەسکەوتانەی کە بە ئاراستەی قۆناغێکی نوێن بۆ عیراق. بە هەرحاڵ، ئێستادا واقعێکی تر رووبەرووی عیراق و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەبێتەوە کە نابێت فەرامۆش بکرێت، تەنانەت لەو کاتەی کە ئێمە ستایشی ئەو دەستکەوتە مەزنانە دەکەین کە لەم چەند ساڵ و مانگانەی رابردوو بەدیهاتوون.

سەرەڕای زۆربوونی ئەرك و بەرپرسیاریەتییە گشتی و ئابوورییەکانی ئافرەتان لەکاتی شەڕ و ململانێکانی ئەم وڵاتە و، سەرەڕای ئەم زوڵم و زۆردارییەی بەسەریان داهاتووە و لێی دەناڵێنن و، سەرەڕای ئەم راستییەی کە لە مێژووی نوێدا ئافرەتی عیراقی بەتوانای خۆی پلە و پایەی سەرکردایەتی بەدەست کەوتووە، بەتایبەتی ئەوەی کە عیراق لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەم جار لە نیشتیمانی عەرەبی وەزیری ئافرەتی هەبووە، سەرەڕای ئەم هەموو شتانەی سەرەوە، کەچی ئافرەتی عیراقی ئامادەبوون وبەشدارییی نیە لە دەسەڵات لە عیراقی نوێدا.

بەگشتی، شتێکی سەلمێنراوە کە پێویستە ئافرەت بەشداری لە هەموو هەنگاوەکانی بەدیهێنانی ئاشتی و، ئاشتەوایی و نەتەوایەتی بکات، ئەمەش پێویستە مسۆگەری ئەوە بکات کە کێشەکانی نیوەکەی دیکەی دانیشتوان چارەسەر دەکرێت لە هەر قۆناغێکی پەرەپێداندا.

پێویستیی بەشداریکردنی زیاتری ئافرەتان لە بەدیهێنانی ئاشتی و ئاشتەوایی تەنها عیراق ناگرێتەوە.دەرکردنی بڕیاری ١٣٢٥یئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ٢٠٠٠ پێویست بوو بەهۆی گۆڕانی سروشتی شەڕ و بنیاتنانی ئاشتی لەسەر ئاستی جیهانی کە بووە مایەی زیادبوونی کاریگەری لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی بەتایبەتی ئافرەتان. بەڵام ئافرەتان، هەرچەندە رۆڵی درێژخایەن بەڵام نارەسمییان هەبوو وەك بەدیهێنەرانی ئاشتیی سەرکەوتوو لە بارودۆخەکانی دوای ململانێکان، بە شێوەیەکی رەسمی دانیان پێدا نەنراوە و ستایشی دەوری پڕ بایەخیان نەکراوە.

بە هەر حاڵ، ئەم بڕیارە تەنها بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی پاراستنی ئاشتی ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەشە دەستەبەری ئەوە بکات کەوا ئافرەتان بەشێك بن لە بواری سیاسی و بەشداریکردنیان و نیگەرانییەکانیان لە رێگەی دامودەزگاکانی بکرێن فەرمانڕەوایی و پرۆسە و کاروبارە تەشریعییەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بڕیاری ١٣٢٥ پشتگیری حکومەتان دەکات بۆ ئەوەی ململانێکانی دوارۆژ بە شێوەیەکی باشتر نەهێڵێت و رێ لە هەر هەلومەرجێك بگرێت کە ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنی زیاتر بە ئافرەتان و کچان. هەروەها ئەم بڕیارە دانی نا بە رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەشەپێدان و پاراستنی ئاشتی.

ئێمە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەزانین کەوا گەندەڵی ئەو کاتە کەم دەبێتەوە کە ژن و پیاو بەیەکسانی لە شوێنی بڕیاردانان نوێنەرهیان هەبێ. دەزانین کەوا باری ئابووری باشتر دەبێت ئەگەر هەلی بەشداریکردن بە ژن و پیاو درا. دەزانین کە خوێندەواری بۆ کوڕان و کچان باری تەندروستیی هاوڵاتیان باشتر دەکات. ئەگەر پێویست بوو عیراق سەرکەوتووانە پێشبکەوێت وەك کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و دیموکراتی و گشتگر، ئەوا پێویستە ئافرەتان بەهێزبکرێن بۆ ئەوەی ببن بە بەشێکی ئەم پرۆسەیە.

لەم کاتەی کەوا نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەردەوامی و لە هەموو بەرنامەکانی هەنگاوەکانی بەهێزکردنی ئافرەتان لە پێشەوەی کارەکانی خۆی دادەنێت، بەگوێرەی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، شتێکی روون و ئاشکرایە کەوا بیروڕای نوێ و هەوڵ و کۆششی نوێی تایبەت بە رەوشیعیراق پێویستن لەم کاتە سەرەکییەی گواستنەوەی نیشتیمانیدا. من وەك وەزیرێکی پێشووی هەلی یەکسان و سەرۆکی شاند کە لە کۆنفرانسی مێژوویی دەربارەی ئافرەتان لە پەککین لە ساڵی ١٩٩٥ دا بەشداریم کردبوو، راستەوخۆ گرنگیی پێکەوە کارکردنی ژن و پیاوم بینی بۆ دیاریکردن و جێبەجێکردنی دەستتێوەردانە ستراتیژیەکان کە دەبنە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە ژیانی هاوڵاتیان دا.

هەروەها پێویستە لە بیرمان نەچێت کەوا پرۆسەی بەردەوام بۆ بە دامودەزگاکییردنی بەشداریکردنی ئافرەتان (لە ئاستی بەرز) پێویستی بە وەبەرهێنانی نیشتیمانی گرنگترە (لە ئاستی نزمەوە). ئێمە قەرزاری نەوەی نوێی منداڵانی عیراقین کە سیستەمی فێرکردنیان بە شێوەیەکی زۆر لە ئاست نزمیدایە بە هۆی دەیان ساڵ لە ململانێ و، سزا ئابووریەکان و نالەباریی باری کۆمەڵایەتی.

کچێکی لادێیی نزیکەی پێنج کەڕەت بەختی کەمترە لە کچی شار لە هەبوونی هەلی بەشداریکردن لە قۆناعی دواناوەندی لە قوتابخانەدا، ئێستا ئەم جیاوازییە کاریگەری لەسەر بەشداریکردنی ئافرەتانی عیراق لە ژیانی ئابووری و سیاسی دەکات و، ئەگەر ئەم بارودۆخە چارەسەرنەکرا ئەوا لە دوارۆژدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهای دەسکەوتە نیشتیمانییە گرنگەکان. ئەم کچانە لە دوارۆژدا دەبن بە دایك و رۆڵی زۆر گرنگیان دەبێت لە پەرەپێدانی نەوەی داهاتوو لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ.

من زۆر بە پەرۆشم بۆ ئەم پێشنیارانەی لەم کۆنفرانسەدا پەیدا دەبن و دووپاتی دەکەمەوە کەوا نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندە بە هاوکاریکردنی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەهێزکردنی ئافرەتانی عیراق بۆ ئەوەی ببن بە هاوبەشی تەواو لە پرۆسەکانی پەرەپێدان و ئاشتەوایی و هێنانەدیی ئاشتی لە وڵات دا.